نێچیرڤان بارزانی و سەرۆك كۆماری ئەرمینستان كۆبوونەوە



ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هۆلێر لەگەڵ فاهاگن خاچاتوریان سەرۆکی ئەرمینستان کۆبوونەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیانراوەکدا رایگەیاند: لە کۆبوونەوەکدا کە جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی پەیوەندیداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، پەیوەندیەکانی ئەرمینستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا تاوتوێ کران و دەربارەی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێرشی پەکهاتەکان، بیروڕایان گەیەنرا.

ئاشکراشیکرد: هەردووڵا باسیان لە دەرفەتەکانی بڕوودان بۆ پەیوەندیەکانی ئەرمینستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد لە بواری بازرگانی، وەبەرهێنان، کەرتی تایبەت، پزیشکی و گەشتیاریدا، لەمبارەیەوە تیشکیان خستە سەر دەرفەتی گەشتی هاستوخۆی ئاسمانیی نێوان ئەرمینستان و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە.

ڕونشیکردەوە: کە دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بگشتی، تاوەرکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی ئەرمینستان دووشەممەی ڕابردوو بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق کۆبوونەوە، بەیانیی ئەمڕۆش گەیشتە هۆلێر و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا